Sydkurdiska / سۆران/ کوردی

Val 26 maj 2019
EUROPAPARLAMENTET

# دەنگدان

## یەکشەممە بەرواری ٢٦ی مانگی پێنجی ساڵی ٢٠١٩ هەڵبژاردنە بۆ پەرلەمانی ئەوروپا.

### ئایا کێ بۆ هەیە دەنگ بدات؟

ئەتۆ مافی دەنگدانت هەیە ئەگەر هاووڵاتی سویدی بیت یان لە دامی تۆمارکردنی دانیشتووان لە سوید ناوت هەیە یان هەبووە. ئەتۆ هەروەها مافی دەنگدانت هەیە ئەگەر هاووڵاتی یەکێک لە وڵاتەکانی یەکێتی ئەوروپا بیت، لە دامی تۆمارکردنی دانیشتووان لە سوید ناوەیت هەیە و خۆت ناونووسی کردوە بۆ لیستەی ئەوانەی کە مافی دەنگدانیان هەیە. ئەتۆ دەبێت تەمەنی ١٨ ساڵیت پڕ کردبێتەوە ئەوپەڕی درەنگی کاتی ڕۆژی هەڵبژاردن.

### ئەتۆ کە مافی دەنگدانت هەیە کارتێکی دەنگدان وەردەگریت

ئەتۆ کە مافی دەنگدانت هەیە کارتێکی دەنگدان وەردەگریت بە پۆست سێ هەفتە پێش هەڵبژاردنەکە. لە سەر کارتی دەنگدانەکە ناو، ناونیشان و کاتەکانی کراوەی هۆڵی هەڵبژاردنی ئەتۆ نووسراوە. لەوە هەروەها نموونە هەیە لە هۆڵ بۆ دەنگدان لە پێش کاتی خۆی. ئەگەر ئەتۆ کارتی دەنگدانت نیە دەتوانیت داوای دانەیەکی نوێ بکەیت لە لای شارەوانی یان دەستگای هەڵبژاردن.

### وەرەقەی هەڵبژاردن

وەرەقەی هەڵبژاردن هەیە لە هەموو ئەو شوێنانەی کە دەتوانیت دەنگ بدەیت و لای حیزبەکان.




#### دەنگ بە حیزب بدە

ئەتۆ بۆ یەکەم و بەرلەهەرشتێك دەنگ بە حیزبێک دەدەیت. ناوی حیزبەکە لە سەر وەرەقەکەی هەڵبژاردن نووسراوە. ئەگەر وەرەقەی دەنگدانی حیزبەکە نەدۆزیتەوە دەتوانیت ناوی حیزبەکە لەسەر وەرەقەیەکی سپی بنووسیتەوە. بە ڕوونی ئەوە بنووسەوە.

#### دەنگدان بە کەسێک

ئەگەر دەتەوێت کەسێکی تایبەتی لە کاندیداکانی حیزبەکە هەڵبژێرن دەتوانیت زەربێک لێدەیت لە چوارگۆشەکە لە پێش ناوی کاندیداکە لە سەر وەرەقەی دەنگدانەکە. ئەتۆ تەنیا دەتوانیت زەرب لێدەیت بۆ یەک کاندید. ئەتۆ هەروەها دەتوانیت دەنگ بە کەس بدەیت لە ڕێگای نووسینی ناوی حیزبەکە و ناوی کاندیداکە لە سەر وەرەقەیەکی سپی دەنگدان.

### دەنگدان

#### لە هۆڵی دەنگدانی خۆت دەنگ بدەی لە ڕۆژی دەنگدان بەرواری ٢٦ی مانگی پێنج

ئەتۆ تەنیا دەتوانیت لە ئەو هۆڵی دەنگدانە دەنگ بدەیت کە لەسەر کارتی دەنگدانت نووسراوە. هۆڵەکە هەڵبژاردن تەنیا لە ڕۆژی دەنگدان کراوەتەوە. لە کاتێک لە هۆلی دەنگدانت دەنگ دەدەیت لە لیستەی ئەوانەی کە مافی دەنگدانیان هەیە خاڵژمێر دەکرێیت و دەنگەکەی ئەتۆ دەخرێتە سندوقی هەڵبژاردن.

#### لە پێش کاتی خۆی دەنگ بدە لە شارەوانی خۆت یان لە یەکێکی دیکە

ئەتۆ دەتوانیت لە پێش کاتی خۆی دەنگ بدەیت لە هەر هۆڵێکی دەنگدان لە تەواوی وڵات. دەنگدان لە پێش کاتی خۆی نێزیکەی سێ هەفتە پێش ڕۆژی هەڵبژاردن و بەردەوامە تا ڕۆژی هەڵبژاردن. زانیاری دەربارەی ئەوە کە ئەتۆ لە چ شوێنێک لە پێش کاتی خۆی دەنگ دەدەیت لە شارەوانی خۆی دەدۆزیتەوە یان لە ماڵپەڕی. "

ئەتۆ دەبێت کارتی دەنگدان لەگەڵ خۆی بێنیت لە کاتێک لە پێش کاتی خۆی دەنگ دەدەیت.

Valmyndigheten

### له دەرەوەی وڵات دەنگ بدە

ئەگەر ئەتۆ لە دەرەوەی وڵاتیت دەتوانیت بە نامە دەنگ بدەیت یان لە زۆر سەفارەتگەلی سویدی یان کۆنسولخانە. بۆ ئەوەی بتوانیت بە نامە دەنگ بدەیت دەبێت کەرەستەیەکی تایبەتی بەکار بهێنیت کە لە دەستگای هەڵبژاردن، شارەوانی، سەفارەت یان کۆنسولخانە داوای دەکەیت.

## یارمەتی دەنگدان

### دەنگدان بە پەیامنێر

ئەگەر ئەتۆ بە هۆی نەخۆشی، کەمئەندامی یان تەمەن ناتوانیت بڕۆیت بۆ هۆڵی دەنگدان دەتوانیت لەباتی ئەوە لە ڕێگای پەیامنێر دەنگ بدەیت. ئەتۆ هەروەها دەتوانیت بە پەیامنێر دەنگ بدەیت ئەگەر لە زیندانیت یان لە خانەی چاودێری تاوانکارن. بۆ ئەوەی بتوانیت بە پەیامنێر دەنگ بدەیت پێویستت بە کەرەستەی تایبەتیە کە لە لای شارەوانی یان دەستگای هەڵبژاردن داوای دەکەیت.

ئەم کەسانە دەتوانیت پەیامنێر بن:

- مێرد، هاوسەر یان هاوژیان
- منداڵ، نەوە، دایکوباوک یان خۆشکوبرای مێردەکە، هاوسەرەکە یان هاوژیانەکە
- ئەوانەی کە بە پێی پیشە چاودێریت دەکەن یان یارمەتیت دەدەن لە کاروباری کەسی.
- دامەزراوان لە زیندان یان خانەی چاودێری تاوانکاران

پەیامنێرەکە دەبێت لانی کەم تەمەنی ١٨ ساڵ بێت و بتوانێت ناسنامە نیشان بدات.

### دەنگ وەرگری گەڕۆک

ئەگەر هیچ کەس ناناسیت کە بتوانێت پەیامنێر بێت بۆ ئەتۆ شارەوانی ئەتۆ دەتوانێت دەنگ وەرگرێکت بۆ دابین بکات کە دێت بۆ ماڵت. پێوەندی بە شارەوانی خۆت بکە بۆ زانیاری یاتر.

## ئەتۆ دەبێت ناسنامەی خۆت بسەلمێنیت

بۆ ئەوەی بتوانیت دەنگ بدەیت ئەتۆ دەبێت ناسنامەی خۆت بسەلمێنیت. ئەگەر ئەتۆ ناسراو نەبیت لە لای وەرگر دەنگدانەکان ئەوا دەبێت ناسنامە نیشان بدەیت، بۆ نموونە مۆڵەتی لێخوڕین یان پاسپۆرت. ئەگەر کارتی ناسنامەت نیە کەسێکی دیکە دەتوانێت ناسنامەی ئەتۆ بسەلمێنیت، بەڵام ئەو کاتە ئەو کەسە دەبێت ناسنامە نیشان بدات.

## ڕۆژژمێر بۆ هەڵبژاردنی یەکێتی ئەورووپا ساڵی ٢٠١٩

| | |
|---|---|
| ١١ی مانگی چوار | زووترین بەروار بۆ بە نامەناردنی دەنگ لە دەرەوەی وڵات. |
| ٢۶ی مانگی چوار | مافی دەنگدانی ئەتۆ بە پێی زانیاریەکان لە تۆمارەی دامی تۆمارکردنی دانیشتووانی دامی باخ دیاری دەکرێت. |
| ٢ی مانگی پێنج | زووترین بەروار بۆ دانگدان لە سەفارەتەکان و کۆنسولخانەکانی سوید لە دەرەوەی وڵات. |
| ٨ی مانگی پێنج | دەستپێکردنی دەنگدان لە پێش کاتی خۆی لە سوید |
| ٢۶ی مانگی پێنج | ڕۆژی هەڵبژاردن |

Valmyndigheten 713a10 utg 8